## وەزیری داد:

# حوکمدانی کەمالی سەید قادر لەڕووی یاسایی‌و سیاسیەوە نادروست بووە

ئا: نوسینگەی هەولێر

وەزیری دادی ئیدارەی هەولێر گلەیی هەیە لەدەستێوەردانی حزب لەدادگاکانی کوردستاندا، لەسەر دادگایکردنی کەمالی سەید قادریش تێبینی هەیە.

هادی عەلی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی هەولێر لەدیدارێکی ئاوێنەدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە "هیچ موبەریرێک نییە بۆ یەکنەگرتنەوەی وەزارەتی دادی هەردوو ئیدارەکە".

**دەستێوەردانی حزب لەدادگاکاندا**

لەبارەی سەربەخۆبوونی دادگاکانی کوردستان وەزیری داد پێیوایە دادگاکان لەسەدا سەدی سەربەخۆنین‌و ئەوەش ئاشکرا دەکات کە زۆرجار پۆستەکانی دادگا ڕەچاوی حزبی بوونی تیادا کراوە". ئەمەش زۆر جار کێشەی دروستکردووە لەوەی کە هەندێکیان گونجاوی ئەو جێگەیە نین".

**یەکگرتنەوەی وەزارەتەکانی داد**

وەزیری داد پێیوایە هیچ هۆکارێک نییە بۆ یەکنەگرتنەوەی وەزارەتی دادی هەردوو ئیدارەکەو دەڵێت:"هیچ موبەڕڕێک نییە بۆ یەکنەگرتنەوەیان"، ئەوەش ڕووندەکاتەوە کە لەم ڕووە پرۆژەیەکی داوەتە سەرۆکی هەرێم بۆ بەزوویی یەکگرتنەوەیان، هەروەها ئاشکری کرد کە جیاوازیی یاسایی هەردوو ئیدارەکە هیچ کاریگەری نییە لەسەر دادگاکان و دەڵێت: "هەمیشە دەڵێن دادوەرەکان زۆرن، کەچی ماوەیەکە بەوەجەبات هەوڵی دانانی دادوەری نوێ دەدەن".

**کەمالی سەید قادر**

وەزیری داد تێبینی زۆری لەسەر دادگایی کردنی کەمالی سەید قادر هەیەو ئاماژە بەوە دەکات دەزگا ئەمنییەکان پەیرەوی "ئەسڵ"یان نەکردووە بەوەی لەرێگەی دادگاوە کەمالی سەید قادر دەستگیر بکەن، ئەمە لەگەڵ ئەوەی تێبینی هەیە لەسەر کۆی ئەو یاسایەی کەمالی سەید قادری پێ دادگایی کراوەو وتی: "ئەو یاسایەی ساڵی ٢٠٠٣ پەرلەمان دەریکردووەو ئێستا کەمالی سەید قادری پێ دادگایی دەکرێت، یاسایەکی مەتاتیەو ڕێگە بەدادوەر دەدات کە حوکمی هەتا هەتایی یان حوکمی کاتی بدات".

وەزیری داد لەلایەکی ترەوە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە لەناوەڕاستی مانگی یەکی ڕابردوو نامەیەکی لە (د. کەمال)ەوە پێ گەیشتووەو ئەویش ئاراستەی دەزگا دادییە پەیوەندیدارەکانی کردووە، دوای هەوڵی تەمیزکردنەوەشی مەسەلەکە سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ دادگا.

سەبارەت بەو ڕێوشوێنانەی بەرامبەر ئەو دادوەرانە گرتویانەتە بەر کە سی ساڵ حوکمی د. کەمالیان داوا، وتی: "هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە لەلایەن دادگای تەمیزەوە خۆی لەخۆیدا گەورەترین ئیجرائاتە بەرامبەر ئەو دادوەرانە، چونکە ئەمە دەچێتە فایلەکەیانەوە".

هەر لەم ڕووەوە وەزیری داد داوای دادگایەکی "عادیلانە" بۆ دکتۆر کەمالی سەید قادر دەکاتو دەڵێت: "ئەو بڕیارە لەڕووی یاسایی‌و سیاسییەوە نادروست بووە".


لەبارەی ئەوەش کە ئایا حزب فشاری لەسەر ئەو دادگایە هەیە، وەزیری داد وتی: "لەهەموو کێشەیەکدا لایەنەکانی کێشەکە هەوڵ دەدەن فشار بکەن، بەڵام دادوەر دەتوانێت ئەو فشارانە ڕەت بکاتەوە".

**دادگایی کردنی سەدام**

وەزیری داد پێی وایە هەردوو دادوەرە کوردەکە حاکم ڕزگارو حاکم ڕەئوف کە لەپێشترو ئێستا سەرۆکایەتی دادگایی کردنی سەدامیان کردووە ئازادن لەوەی بەچ شێوازێک دادگایی دەکەن، هەردوکیشیان لایەنی ئیجابی خۆیان هەیەو "ئەگەر من دادوەر بومایە لەنێوان ئەو دوو شێوازەدا دادگاییەکەم بەڕێوە دەبرد".

**شێخ زانا**

وەزیری داد ڕوونی دەکاتەوە کە تائێستا هیچ شتێکی ڕەسمی لەبارەی دادگایی کردنی شێخ زاناوە بەدەست نەگەیشتووەو تەنها ئەوەندەی بیستووە کە لەم ماوەیەدا مەلەفەکەیان دراوە بەدادگای لێکۆڵینەوە، لەم بارەیەوە وتی: "ڕەنگە دواخستنی دادگایی شێخ زانا بۆ ئەوە بێت کەیاسای دژەتیرۆری پەرلەمان بیگرێتەوە".



هادی عەلی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی هەولێر

فۆتۆ ئاوێنە

# کامیان ئەتواریان کوشت جەزیرە یان عەرەبییە؟

## نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراق: "داوای یاسایەکی تایبەت بەژیان‌و سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان دەکەین"

دارا عەبدوڵا*

دەربارەی کوشتنی ئەتوار بەهجەت پەیامنێری کەناڵی ئەلعەرەبییە، کە بووە دەروازە بۆ چوونە ناوژیان‌و سەلامەتی ڕۆژنامەنووسانەوە لەو کۆنگرەیەدا کە لەبەغدا سازکرا، ڕۆژنامەنووسێکی هاوڕێی ئەتوار کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات بە (ئاوێنە)ی ڕاگەیاند کە کوشتنی ئەم ڕۆژنامەنووسە پەیوەندی بەوە هەبووە زانیاری لەسەر گرووپە چەکدارەکانی عێراق بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ڕۆژنامەنووسێکی کەناڵی ئەلجەزیرە ئەم بۆچوونەی ڕەتکردەوە.

ئەتوار بەهجەت و دووکەسی ڕۆژنامەنووسی هاوڕێی کە ئەرکی گواستنەوەی ڕاپۆرتەکانی ئەلعەرەبییەیان لەئەستۆدا بوو لە ڕۆژی تەقاندنەوەی دوو مەزاری شیعەکان لەشاری سامەڕا ئەوانیش لەنزیک ئەم شارەوە کوژران. ئەتوار بەهجەت لەدوای ڕووخانی ڕژێمە وە تا دووهەفتە پێش کوژرانی پەیامنێری کەناڵی ئەلجەزیرە بووە، دوای ئەو هێرشەی ئەو کەناڵە کردییە سەر مەرجەعییەتی ئاینی گەورەی شیعە (عەلی سیستانی)، ئەتوار لەکاناڵی ئەلعێراقییەوە هێرشی کردۆتە سەر جەزیرەو دەست لەکارکێشانەوەکەی خۆی لەوێوە ڕاگەیاندووەو دواتر بووە بە پەیامنێری کەناڵی ئەلعەرەبییە.

بەشێکی زۆری خەڵک کوژرانی ئەتوار و هاوڕێکانی بۆئەوە دەگێڕنەوە کە کەناڵی ئەلعەرەبییە کەناڵێکی سعودییەو ئەو سیاسەتەی لەعێراقیشدا پیادەی دەکات هۆکاری سەرەکی ئەو هێرشانەیە کە دەکرێتە سەریان لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە، بەڵام ڕۆژنامەنووسێکی ئافرەتی هاوڕێی ئەتوار خۆی کە بەشداربوو لەو کۆنگرەکەیەدا کە لەبەغدا سازکرا بۆ وتووێژ کردن لەسەر تیرۆرکردنی ئەتوارو ئەو بارودۆخە مەترسیدارەی ڕۆژنامەنووسان لەعێراقدا بەسەری دەبەن، بە (ئاوێنە)ی ڕاگەیاند: "لەو ماوەیەدا ئەتوار لەکەناڵی ئەلجەزیرە کاری کردووە بەپێی سیاسەتی ئەم کەناڵە هەندێک زانیاری و شوێن‌و ژمارەی تەلەفونی گرووپە چەکدارەکانی دەستکەتووە، پاش ئەوەی ئەتوار لە ئەلجەزیرەوە دەچێتە ئەلعەرەبییە ئەم گرووپانە لەوە دەترسن ئەم زانیارییانە بچێتە دەست نەیارەکانیان هەربۆیە ئەتواریان کوشتووە".

ڕۆژنامەنووسەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئەگەر ستافی ئەلعەرەبییە هەموویان هەڕەشەیان لەسەر بێت، ئەوا ئەتوار دووجار هەڕەشەی لەسەر بووە.

پاش ئەوەی نووسینگەی کەناڵی ئەلجەزیرە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دادەخرێت ئەتوار لەگەڵ بەرپەرسانی شیعەدا هەوڵدەدات تا نووسینگەکە جارێکی تر بکرێتەوە، هەردوولا لەوە نزیکدەبنەوە جارێکی تر بکرێتەوە، بەڵام ئەو بەرنامەیەی کە تیایدا هێرش کرایە سەر سیستانی ئەم هەوڵانەی ئەتواری پووچەڵ کردەوەو ئەوە بوو ناچار چووە کەناڵی ئەلعەرەبییە.

محەمەد فائق ڕۆژنامەنووسی کەناڵی ئەلجەزیرە لەکوردستان بە ئاوێنەی ڕاگەیاند: "ئەم زانیارییانە دوورە لەڕاستییەوەو ئەتوار بەرپرسی ئەو دۆسییە نەبووە، کەسێکی تر بەرپرسی ئەو دۆسیەیە، بگرە ئەتوار کارەکەی بریتی بووە لە پێشاندانی چالاکییەکانی حکومەتی عێراق".

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسانی بێسنور عێراق مەترسیدارترین وڵاتی جیهانە کە ڕۆژنامەنووسان دووچاری مەترسی لەناوچوون دەبنەوە، ژمارەی ڕۆژنامەنووسە کوژراوەکان لەم وڵاتەدا لەسەرەتای هەڵگیرسانی شەڕەوە تا ئەمڕۆ ٨٢ ڕۆژنامەنووسە.

بەشێکی زۆری ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و عەرەبی‌و بیانی ئەوانەی لەکەناڵە فەزاییەکان‌و لۆکاڵەکاندا لەعێراقدا کاردەکەن بۆ ڕووبەڕووبونەوەو بەرگرتن لە شاڵاوی کوشتنی ڕۆژنامەنووسان، لە کۆنگرەکەدا بەشداربوون کە لە بارەگای یەکێتی ئەدیبان‌و نوسەرانی عێراق کۆبوونەوە.

موفید ئەلجەزائری وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری کە یەکێک بوو لەئامادەبووان دەربارەی هەلومەرجی ڕۆژنامەنووسان‌و کوشتنی ئەتوار و هاوڕێکانی وتی:" ئەتواریش وەک هەموو ڕۆژنامەنووسێکی تر ئەو کەسە لەخۆبردووە بووە کە لەگەڵ ڕوودانی کارەسات‌و گرفتەکاندا لەپێش خەڵکی ترەوە ئامادەیە بۆ گەیاندنی ڕاستییەکان لەم حاڵەتانەشدا زۆرجار ڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی ڕفاندن‌و کوشتن دەبنەوە".

وەزیری پێشووی ڕۆشنبیری ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ئەوەی ڕۆژنامەنووسان لەعێراقدا ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبنەوە تەنها هەڕەشە نییە، بەڵکو کوشتنی ڕۆژنامەنووسانە بە بەرچاوی خەڵکەوە.

نابراو باس لەوە دەکات کە تائێستا هەردوو ڕۆژنامەنوسی کەناڵی سومەرییەی فەزایی تا ئێستا بەدەست ڕفێنەرەکانییەوە ماوەتەوە، هەروەها ڕۆژنامەنوسان (جیل کارۆڵ) تائێستا دەستبەسەرە.

جەزائری دەڵێت مادام بڕوامان بە ئازادی ڕۆژنامەوانی و ئازادی بیروڕا هەیە پێویستە لەسەر حکومەت زەمانی تەواوی باری ئەمنییان بکات بۆ ئەوەی تراژیدیای ئەتوارو هاوڕێکانی دووبارە نەبنەوە.

ئەم کۆنگرەیە ئەنجامەکەی بەوە کۆتایی هات کە یاداشتێک بۆ جەعفەریی سەرۆک وەزیران بەرزبکەنەوە تیایدا داوای پاراستنی ژیان‌و گیانی ڕۆژنامەنووسان لەحکومەت دەکەن، لەپەراوێزی ئەم کۆنگرەیەدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی عێراق شەهاب تەمیمی بەئاوێنەی ڕاگەیاند: "لەسەرەتای نووسینی دەستووردا یاداشتێکمان پێشکەش بەلیژنەی نووسینەوەی دەستوور کرد تا دەسەڵاتی میدیا ببێتە دەسەڵاتی چوارەم لەپەنا دەسەڵاتەکانی تردا، بەڵام بەداخەوە کاتێک دەستوور دەرچوو هیچ ئاماژەیەکی بۆ ڕۆژنامەنووسان تێدانەبوو".

نابراو لەبارەی کوژرانی ئەتوارو چۆنێتی پاراستنی ڕۆژنامەوانان لەئایندەدا دەڵێت: "داوامان ئەوەیە یاسایەکی تایبەت بەژیان‌و سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان لەعێراقدا دەربچێت".

* پەیامنێری بەغدا





وەزیری ڕۆشنبیری پێشووی عێراق: "داوامان ئەوەیە یاسایەکی تایبەت بەژیان‌و سەلامەتی ڕۆژنامەنووسان لەعێراقدا دەربچێت"

# لەسەیدسادق چەندین پارچە زەوی حکومی‌و شوێنی گشتی داگیر دەکرێن

ئا: ئاوێنە

لەپاش ڕاپەڕینەوە تا ئێستا لەشارۆچکەی سەیدسادقدا، چەندین پارچە زەوی پەیوەست بەقوتابخانەو خوێندنگاو فەرمانگە حکومییەکان لەلایەن چەندین کاربەدەستی حیزبییەوە داگیر کراوە یان حیزبەکان کردوویانە بەبارەگای خۆیان، بەپێی ئەو زانیارانەی دەست ئاوێنە کەوتوون تا ئێستا ئەم شوێنانەی خوارەوە دەستیان بەسەردا گیراوە:

١. قوتابخانەی سەیدسادقی سەرەتایی: زەوییەکانی هەر چوارلای داگیرکراوەو کراون بەماڵ.

٢. قوتابخانەی قانیع: ڕووبەرێکی زۆری لێ داگیر کراوە.

٣. قوتابخانەی بێگەرد: زەوی لێ داگیر کراوە.

٤. قوتابخانەی ڕێبین: ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن ڕێکخراوێکەوە بینای کارگەی خەیاتی تیادروست کرا، ساڵی ١٩٩٨یش ناوەندی کۆمەڵایەتی شارەزوور دەستیان بەسەردا گرتو کردیانە بارەگا.

٥. هۆڵی وەلی دێوانە: بۆ چالاکی قوتابخانەکان دروست کرا کەچی دواتر کردیان بەبارەگای ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی (ی.ن.ک).

٦. بینایی ئامادەیی سەیدسادق: ڕووبەرێکی (٢٨×١٤٠م) لێ تەرخان کرا بوو بۆ هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان دوای داگیرکردنی هۆڵی وەلی دێوانە، بەڵام ئێستا دەنگی ئەوە هەیە بەرپرسێکی (ی.ن.ک) ڕەزامەندی لەحکومەت وەرگرتووە تا بیکات بەهۆڵی شایی.

سەبارەت بەم زانیاریانە لەپەیوەندییەکدا لێپرسراوی بەشی زیادەڕۆیی لەشارەوانی سەیدسادق ئازاد ڕەئوف مەحموود هەموو ئەو زیادەڕۆییانەی سەرەوەی پشت ڕاستکردەوەو بەئاوێنەی ڕاگەیاند کە "سەرجەمی ئەو کەسانەی تەجاوزیان کردووە سەر بەحیزبی دەسەڵاتن‌و ئەگەر کەسی سەر بەحیزبیش نەبوونایە ئەوا نەیاندەتوانی ئەو زەوییانە بەتۆپزی داگیر بکەن".

هەروەها ئەم لێپرسراوە لەشارەوانی سەیدسادق وتی: "زۆربەی ئەو کەسانەی کە تەجاوز دەکەن ئاسایشن، جگە لەو شوێنانەش لەچەندین جێگای تریش تەجاوز کراوە لەوانە لەگەڕەکی فەلوجە هەرچی زەوییە حکومییەکان هەیە وەکو جێگای قوتابخانەو نەخۆشخانە داگیر کراون‌و چەندینجاریش سکاڵامان کردووە لەدادگا، بەڵام لەکەسیان ناپێچرێتەوە چونکە حیزبین".